## فرزانگان کرد

لە رۆژانی ١٤ تا ١٦ی رەزبەری ١٣٧٥ی هەتاوی (١٩٩٦ی زایینی) کۆنگرەی رێزگرتن لە زانیارانی کورد لە شاری سنە بەڕێوەبرا. لە کۆنگرەکەدا رێز لە هەندێک زانا و ئەدیبی کۆن و نوێی کورد گیرا و وتاریان لەسەر خوێنرایەوە. پاشان کۆمەڵەی وتارەکان لە لایەن ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبییەوە لە ورمێ لە دوو بەرگدا بڵاو کرایەوە (ساڵی ١٣٧٧ هەتاوی = ١٩٩٩ زایینی).

وتارەکان بەرز و نزمی زۆریان تێدایە بەڵام سەرجەمی کارەکە، بە گوێرەی بارودۆخی ئەو ساڵانە و نەبوونی ئازادی و سەربەستی، کارێکی باش و بەرێ و جێ بوو.

لە وتارەکاندا بۆکان شوێنێکی دیاری هەیە. لەو ١٣ کەسەی وا لە کۆنگرەکەدا رێزیان لێ گیراوە و باسیان لەسەر کراوە ٢ کەسیان بۆکانین ( مامۆستا ئەحمەدی تورجانی زادە و نەمر سوارەی ئێلخانی زادە)، هەروەها مامۆستا هەژاری موکریانی کە بەشێکی بە بۆکانەوە هەیە.

لەناو ئەو کەسانەشدا کە وتاریان پێشکەش کردوە، ١٢ کەسیان بۆکانین. لەخوارەوە لیستەی ناوی ئەو کەسانە و بابەتی وتارەکەیان دیاری دەکەم :

بەرگی یەکەم :

| | ناو | بابەت |
|---|---|---|
| ١. | مەلا عبدالرحمان ناسری | مەلا ئەبووبەکری موسەنیف |
| ٢. | مەحموود پێدرام | فرازی از یک مقاله |
| ٣. | عمر سلطانی(وەفا) | دو نسخه خطی از مستوره کردستانی در کتابخانەهای لندن |

بەرگی دووهەم :

| | ناو | بابەت |
|---|---|---|
| ١. | محەمەد نووری | شێخ محەمەد مە ریوانی (قانع) |
| ٢. | عباس ئیلخانی زادە | یادی از استاد احمد ترجانی زادە |
| ٣. | جلال الدین شافعی کرد | ئەحمەد تورجانی زادە |
| ٤. | ناسر وەحیدی | مامۆستا هەژار |
| ٥. | یۆنس رەزایی | هێمن، شاعێرێک لە مەیدانی سووتان و هەرمان دا |
| ٦. | عومەر ئیلخانی | سوارە |
| ٧. | مستەفا ئیلخانی زادە | سوارە و شیعری نوێ |
| ٨. | عومەر حیسامی | سوارە لە پێ راستیەکانی ژیانی |
| ٩. | عەزیز کەیخوسرەوی | سوارە |

توێژینەری مێژووی ئەو کەسایەتیانە دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر وتارەکان.

کنگره بزرگداشت فرزانگان کرد، انتشارات صلاح الدین ایوبی، چاپ اول، ١٣٧٧[١٩٩٩]، بەرگی یەکەم ٤٤٦ لاپەڕە، بەرگی دووهەم ٩٧١ لاپەڕە، کوردی و فارسی